# ڕۆژوو و نەخۆشییە دەروونییەکان



مەلا مەحمود محەمەد مەجید *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

أ-ڕۆژوو لەگەڵ ئەوەی خواپەرستییە و ڕۆکنێکە لە ڕۆکنەکانی ئایینی ئیسلام، لەهەمان کاتیشدا قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی تاکەکان و کۆمەڵگە لەسەر ڕەوشتە بەرزەکان و پابەندبوون بە بەها جوان و بەرزەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی، هەروەها هێورکەرەوەی دڵە تووڕەکان و نێوچەوانە گرژەکانە، سۆز و ئەوین و گیانی لێبووردەیی و ئاسانکاری دەکاتە هەوێنی ژیانی کۆمەڵگە، لەم مانگەدا لە ڕووی بیرکردنەوە گۆڕانکاری زۆر بە سەر خەڵکاندا دێت و پاڵنەری خێر و چاکە بەسەر پاڵنەری شەڕ و شەیتاندا زاڵ دەبێت. لەهەمان کاتیشدا ڕۆژوو نەخۆشخانەیەکە و هۆکارێکی زۆر بەهێز و یاریدەدەرە بۆ چاکبوونەوە لە زۆر نەخۆشی جەستەیی و دەروونی و باشتربوونی مسۆگەر دەکات. جگە لە زانایانی موسلمانان، زانایانی دیکەش زۆر تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەمبارەوە ئەنجامداوە و هەموویان باس لە ڕۆڵ و گرنگیی ڕۆژوو دەکەن، بۆ نموونە:

١-لە تاقیکردنەوەیەکی نوێ کە لەلایەن دکتۆر (یۆری نیکۆلایف) سەرۆکی یەکەی ڕۆژووگرتن لە پەیمانگای دەرونزانی پزیشکی لەشاری مۆسکۆ ئەنجام دراوە لەسەر ئەو نەخۆشانەی کە تووشی (شیزۆفرینیا) هاتبوون کە ژمارەیان (١٠)هەزار نەخۆش بوو، لە ڕێگای چارەسەرکردنیان بە ڕۆژووگرتن، بۆی دەرکەوت کە ٧٠٪ی ئەو نەخۆشانەی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە ئاستێکی باش لە پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان ئاسایی بۆتەوە.

٢- لە یابان لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لەسەر ٣٨٢ نەخۆش ئەنجامدراوە کە دووچاری نەخۆشی (شڵەژانی دەروونی جەستەیی) (سایکۆ سۆمات) ببوون، ئەم نەخۆشییە کە لەشێوەی ئازاری بەردەوام و جیاجیا لە جەستەی نەخۆش هەستی پێدەکات، لە زانکۆی تۆهۆکۆ بە سەرپەرشتی دکتۆر سوزوکی، پاش ماوەیەك لە ڕۆژووگرتن، بینی نەخۆشەکان چاکتر بوون و ئاکاری نەخۆشییەکە و ئازارەکانیان کەم بووەتەوە، ئەمەش بە هۆی ڕێکبوونەوەی کرداری دەزگای دەماری خۆنەویست Autonomic nervous system هەروەها ڕێکبوونەوەی کرداری ڕژێنەکان Glands. لە جەستەیان.

هەروەها زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان تێبینی ئەوەیان کردووە کە ڕۆژوو هۆکارێکی زۆر باشە بۆ ڕێکبوونەوەی ڕژێنی ئەدرینالین کە ئەویش وادەکات کاریگەری زۆربێت لەسەر سووککردنی نەخۆشییەکانی دڵەڕاوکێ و ترس و فۆبیا.

ب- نەخۆشییە دەروونییەکان زۆرن لە سەردەمی ئەمڕۆمان بەڕێزان هەروەك چۆن نەخۆشییە جەستەییەکان زۆرن، بە هەمان چەشن نەخۆشییە دەروونییەکانیش زۆرن، زۆربەی خەڵکیش تووشی دێت و چاکیش دەبێتەوە، بۆیە دەبێت زۆر بە ئاسایی وەری بگیرێت، هەندێك لەو نەخۆشییانەی کە بڵاون بەمجۆرەن:

١- شڵەژانە دڵەڕاوکێییەکان Anxiety Disorders:

ئەم نەخۆشییە نەخۆشیی سەردەمە و ڕێژەی تووشبووان لە هەندێك کۆمەڵگە بە٣٠-٤٠٪ مەزندە دەکرێت. سەرچاوەی ئەم نەخۆشییە زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ خەمەکانی ژیان لە بارەی گوزەران و پەیداکردنی بژێو، ترسان لە پێشهاتە خراپەکان و ئاینده و گوزەرانی مندالەکان و...هتد کە چەندەها جۆری هەیە.

٢-خەمۆکی (الاکتئاب) ئەمەش یەکێك لە نەخۆشییە بڵاوەکانی سەردەم، نزیکەی ٧٪ی دانیشتووانی زەوی دووچاری هاتوون، بەرچاوترین نیشانەکانی،هەستکردن بە دۆڕان و نائومێدی، گۆشەگیری و تەنیایی، هەستکردن بە تاوان و بێزاریی زۆر، تا دەگاتە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن.

٣- شڵەژانی بیرۆکە زاڵەکان (وەسوەسەکان) Obsessive Compulsive Disorders (الوسواس القهري)

ئەمەش ژمارەیەکی زۆری خەڵك پێیەوە گرفتارن کە مەزندە دەکرێت بە ڕێژەی ٣٪ بێت، واتە تووشبووانی بە ملیۆنان کەسن، ئەم نەخۆشییەش خۆی بەرجەستە دەکات لە زۆر دووبارەکردنەوەی هەندێك کار و وتە، بەتایبەتی لە بواری پاکژی، زۆر دووبارەکردنەوەی شوشتن، زۆر ئاو بەکارهێنان هەتا لە دەستنوێژ و غوسل، یان هاتنی بیری خراپ بە ناو دڵ لەبارەی ئایین و خوا و بیروباوەڕی مرۆڤ، یان بیری زۆر ناخۆش و پیس لە بواری سێکسییەوە دروستبوونی گومان لە هەموو شت و هەموو کەس، ئەم هزرو بیرانە بەشێوەیەکی بەهێز بۆی دێن و زۆر جار نەخۆش بەرامبەریان ئیرادەی نامێنێ و تووشی بێزارییەکی زۆر دەبێت و ناچارە گوێڕایەڵیان بێت، زۆر جاریش بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە.

جا ڕۆژوو و ڕەمەزان کات و دەرفەتێکی چاکن بۆ ئەمانە، کە هەندێك لە نەخۆشییەکانیان کەم بکاتەوەو دەرفەتی چاکبوونیان نزیك و ئاسان و زۆر بکات، بەوەی کە ڕەمەزانی پیرۆز مانگی لێخۆشبوونی خوایە، مانگی تێکەڵبوونی خەڵکە لەگەڵ

یەکتری لە مزگەوت و کاتی تەراویح، لەجیاتی بیرکردنەوەی خراپ، مرۆڤ خەریکی زیکر و یادی خواو قورئان خوێندن و سەدەقە و خێر و گوێگرتن لە وتارە ئایینییەکان دەبن، کە هەموویان پشت بەستانە بە خوا و مەغفیرەت و ئەوانەش گەشبینی بە خەڵک دەبەخشن. ئایین و باوەڕی بەخودا و چەمکە پیرۆزەکان هەمیشە وزەی مرۆڤەکان بەرز دەکات و زیاتر گوڕ و تینیان پێدەبەخشێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکان وخۆڕاگری.

بەرۆژووبوون و نەخۆشیی دەروونی:

أ-بێگومان (نەخۆشی ) یەکێك لەو عوزرە شەرعییانەیە کە خوای پەروەردگار کردوویەتی بە مایەی روخسەت بۆ بەرۆژوو نەبوون، ئەو نەخۆشییەی کە بە عوزری شەرعی دادەنرێت، دوو مەرجی بۆ دانراوە، ١-ئەگەر رۆژوو نەخۆشییەکەی زیاد بکات و زیاتر تەندروستی تێك بدات. ٢- ببێتە هۆی درەنگ چاکبوونەوەی، ئەمەش رای هەر چوار مەزهەبە.

بۆیە دەبێت نەخۆش گرنگی بە تەندروستیی خۆی بدات و پابەندی رێنماییەکانی پزیشکی پسپۆڕی خۆی بێت و دەرمانەکانی ئیهمال نەکات، یان رۆژوو نەکاتە بەهانەیەك بۆ عیناد بوون، وەك هەندێك نەخۆش دەڵێن بشمرم هەر بەرۆژوو دەبم. بە راستی ئەمە پێچەوانەی شەرعی خودایە، هەروەك لەم ئایەتە فەرموویەتی:{ومن كان مريضا أو على سفر فعدة من أيام أخر يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر}البقرة ١٨٥واتە ئەو کەسەی نەخۆش بوو، یان لە سەفەر بوو، باچەند رۆژێکی تر بەرۆژوو ببنەوە، خودا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت، زەحمەت و نارەحەتی بۆ ئێوە ناوێت. هەروەها فەرموویەتی: {وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا }النساء ٢٩ واتە: خۆتان مەکوژن، بە راستی خودا هەمیشە لەگەڵتان زۆر بە بەزەیی و میهرەبانە.

هەروەها پێغەمبەری خودا فەرموویەتی:إن الله يحب أن تؤتى رخصه كما يكره أن تؤتى معصيته رواه ابن حبان في صحيحه رقم (٢٧٤٢) والبيهقي في سننه برقم ٥٥١٦ وابن خزيمة في صحيحه برقم ٢٠٢٧ واتە: بە راستی خودا پێی خۆشە کار بە روخسەتەکانی بکەن، هەرچۆن رقی لەوەیە سەرپێچی فەرمانی بکەن.

بۆیە هەر کاتێك رۆژووگرتن ببێتە هۆی زیادبوونی نەخۆشییەکە و باری ئاڵۆزتر بکات، حەرامە بەرۆژووبوون، ئەمەش رای زۆربەی زانایانی ئیسلامە.

پاشان دەبێت لێرەدا ئەوەش بزانین ئەوەی لە کتێبە شەرعییەکان لەبارەی نەخۆشییەوە باسکراوە، زۆربەی لەبارەی نەخۆشییە جەستەییەکانە، زۆر ئاساییە مرۆڤ جەستەی نەخۆش بێت، بەڵام عەقڵ و هۆشی تەواو بێت کە بناغەی تەکلیفی شەرعییە، بەڵام نەخۆشییە دەروونییەکان زۆربەیان پەیوەندییان بە عەقڵ و ژیری هەیە، بەپێی شەریعەتیش نەمان و لەدەستدانی عەقڵ و تێکچوونی، هۆیەکە کە واجباتی شەرعی لەسەر کەسی وا نەهێلێت، کەواتە نەخۆشییە دەروونییەکان وەك نەخۆشییە جەستەییەکان نییە، بەڵکو خراپترە.

ب-بە شێوەیەکی گشتی هیچ رێگریێك نییە بۆ رۆژووگرتن لە بەردەم ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون، بە مەرجێك وریای خۆیان بن و پابەندی رێنماییەکانی پزیشکی بن.

ئەمە پوختەی حوکمە شەرعییەکان لەو بوارە:

١-نەخۆشیی فێ (صرع) زۆر ئاسایی دەتوانێت بەرۆژوو بێت، چونکە رۆژانە یەك دەنکە حەب بەکار دەبات، ئاسایی لە گرفتەکانی خاوبوونەوە و لەخۆچوون رزگاری دەبێت.

٢-نەخۆشیی دڵەڕاوکێ: کە ئێستا زۆربەی دەرمانی چارەسەرییەکانیان رۆژانە یەکجارە، یان دووجار بەکاری دەبەن، ئەوانیش ئاسایی دەتوانن بەرۆژوو بن، بە مەرجێك پابەندی بەکارهێنانی دەرمانەکانیان بن لەگەڵ رێنماییەکانی پزیشکی خۆیان .

٣-نەخۆشیی (شیزۆ فرینیا)Scnizophrenia کەسێتی جیا (انفصام) نابێت بەرۆژوو بێت، دەبێت دەرمانەکانی بە باشی بدرێتێ، چونکە کەمتەرخەمی لە وەرگرتنی چارەسەری، لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی زۆر و زیانگەیاندن بە خۆی، یان بە دەوروبەری خۆی، ئەوەش لەلایەن شەریعەتەوە بە شێت دادەنرێت کە تەکلیفی شەرعی لەسەر نییە.

٤-بە شێوەیەکی گشتی نەخۆشەکانی (اضطرابات الذهنية-شڵەژانە زەینییەکان - Psychotic disorders( و شڵەژانە هەڵچوونییەکان ((اضطرابات نفسية انفعالية-عوسابییەکان) کە چەندین بەش دەگرێتەوە، لەکاتی هاتنی نۆرەی توند، یان بەردەوامییان بەحاڵەتی توند خاوەنەکانیان بە شێت لە قەڵەم دەدرێت و رۆژوویان لەسەر نییە، وەك لەم فەرموودە هاتووە: «رُفِعَ القَلَمُ عَنْ ثلاثَة عَنِ النَّائِم حَتَّى يَسْتَيْقظَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنِ المَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ». صحيح/ أبو داود رقم (٤٤٠٣), وهذا لفظه، والترمذي رقم(١٤٢٣). واتە قەڵەمی تەکلیفی شەرعی لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە، خەوتوو تا بە ئاگا دێت، منداڵ تا باڵغ دەبێت، شێت تا چاك دەبێتەوە.

والله اعلم

تێبینی:

١- هەندێك لە دەرمانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەبێتە هۆی وشکبوونی دەمی نەخۆش، زۆر ئاساییە ئاو لە دەمی وەربدات و پاشان فڕێی بدات .

٢- هەندێك کەس بەبیانووی ئەوەی کە دەرمانەکان گوایە ماددەی هۆشبەریان تێدایە، دەڵێن حەرامە بەکارهێنانی، ئەوەش راست نییە هەموو دەرمانەکان وانین و هەمووشیان نابنە هۆی ئالودەبوون، ئەگەر بە رێنماییەکانی پزیشك پابەند بن.

٣- واچاکە نەخۆش گوێ بداتە قورئان و خۆی فێری زیکرەکان بکات، بۆ ئەوەی سوود لە هەر دوو چارەسەری قورئانی و دەرمانی وەربگرێت.

٤-هەر حاڵەتێکی دەروونی بە سەر کەسێك هات، هەندێك برادەر یەکسەر دەیباتە بواری جنۆکە و شەیتان و شتی سەیر، زۆر جار موبالەغەیەکی ناشەرعی و نامەعقوول دەکرێت، ئەمە خاڵێکی سلبییە بەداخەوە، هەندێ کەسیش بەناوی عیلم و زانست بەتەواوی نکۆڵی لە بوونی جنۆکە دەکات، ئەمەش کوفرە، چونکە سوورەتێك لە قورئان بە ناویان هاتووە و بەشێکن لەو غەیبەی دەبێت ئیمانمان پێی هەبێت.

٥-نەخۆش بۆ بەرۆژوونەبوون، دەبێت پشت بە قەناعەتی دکتۆرێکی پسپۆڕی موسڵمان ببەستێت، ئەگەر لەبواری نەخۆشییەکەی ئەو دکتۆری موسڵمان نەبوو، ئاساییە گوێڕایەڵی دکتۆرێکی پسپۆڕی ناموسڵمان بێت .

**واچاکە نەخۆش گوێ بداتە قورئان و خۆی فێری زیکرەکان بکات، بۆ ئەوەی سوود لە هەر دوو چارەسەری قورئانی و دەرمانی وەربگرێت**

**قەڵەمی تەکلیفی شەرعی لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە، خەوتوو تا بە ئاگا دێت، منداڵ تا باڵغ دەبێت، شێت تا چاك دەبێتەوە**

**نەخۆشییە دەروونییەکان زۆربەیان پەیوەندییان بە عەقڵ و ژیری هەیە، بەپێی شەریعەتیش نەمان و لەدەستدانی عەقڵ و تێکچوونی، هۆیەکە کە واجباتی شەرعی لەسەر کەسی وا نەهێلێت**

# لە مانگی ڕەمەزاندا ئەرکی ڕۆژانەی ئافرەت قورستر دەبێت

ئافرەت و قوربانیدان دوو چەمکی لێکگرێدراون و جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، ئافرەتی کوردیش لە قوربانیدان پشکی شێری بەرکەوتووە، سەرباری کار و فرمانی ئیداری، لە ئەرکە سەرەکییەکەی وەك کابانی ماڵ و پەروەردەی منداڵ دانەبڕاوە و پێداویستی هاوسەر و منداڵەکانی بە زیادەوە جێبەجێ دەکات، لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانیش بە هۆی ئەوەی زۆربەی ئافرەتان وەك پیاوان بەڕۆژوو دەبن، ئەرك و ماندووبوونیان گەلێك زیاتر دەبێت. ئەوان لەوە نیگەرانن کە زۆربەی پیاوان بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا لە ماندووبوون و شەونخوونی ئافرەت بێ ئاگان و پێیانوایە هەر خۆیان بەڕۆژوون و نەك ئەرکی سەرشانی کابانی ماڵ سووك ناکەن، بگرە قورستریشی دەکەن. بەشداربوونی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ ئەو بابەتە هەیە.



«لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان دوو هێندەی جاران ماندوو دەبم، ئامادەکردنی بەربانگ و پارشێوی خێزانێکی گەورە و گران ئەوەندە ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەمساڵ کە کچەکانم ناتوانن یارمەتیم بدەن، چونکە قوتابین و خەریکی تاقیکردنەوەن.»

ئەوە قسەی شەرمین سلێمان بوو. ئەو مامۆستای بنەڕەتییە و بەمجۆرە باسی ئاریشەکانی خۆی لە مانگی ڕەمەزاندا دەکات: «هاوسەرەکەم نەخۆشی شەکرەی هەیە، شەوانە دوو جۆر هەویر دەشێلم، یەك گەنم بۆ خۆمان و یەکیش جۆ بۆ هاوسەرەکەم. بۆ منداڵەکان برنج و بۆ ئەویش ساوار لێدەنێم، خەسوو و خەزووریشم نەخۆشن، بۆیە هەموو خواردنەکان بە دوو مەنجەڵ لێدەنێم، یەکی بێ خوێ و بێ ڕۆن، ئەوی تر ئاسایی بۆ خۆمان، سەرەڕای ئەو هەموو ماندووبوونەم کە دێنە سەرسفرە، هەریەکەو عەیبێك لە خواردنەکە دەگرێ. هێشتا نان نەخوراوە، دەبێ چای ئامادە بێت، شەوێك هەندێ درەنگ چام بۆ مێردەکەم هێنا، لە ڕقان بەبێ چاخواردنەوە چوو بۆ تەراویح، تا دوو ڕۆژیش قسەی لەگەڵ نەکردم، وەك ئەوە هەڵسوکەوت دەکات کە بۆ من بەڕۆژوو بێت.»

چیمەن جەمال ئافرەتی ماڵەوەیە و ئەویش بە هەمان شێوەی ئافرەتانی دیکە لە هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەی لەم مانگەدا نیگەرانە، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «هاوسەرەکەم کە بەڕۆژوو دەبێت، هێندە توورە و بێتاقەت دەبێت کەس ناوێرێ بە تەنیشتیدا بڕوات، بڕواتان بێ باوکی منداڵان کە دێتەوە ماڵەوە ئەگەر ئێوارە شەڕ نەکات، پارشێو شەڕێکمان لەگەڵ دەکات و داخی جگەرە نەخواردنەکەی بە من و منداڵەکان دەڕێژێ، لە ترسی توورەبوونی هاوسەرەکەم بە زمانی بەڕۆژی چێشت و خواردن لە کاتی لێنانی تام دەکەم، بەڵام زوو فڕێی دەدەم، دەڵێم خوا گەورەیە لێم قبووڵ دەکات، بۆیە دەڵێم هەمیشە ئافرەتان لە پیاوان بە سەبر و تەحەمولترن و بەرگەی تێنوێتی و برسێتی و ماندووبوونی زیاتر دەگرن، بەتایبەت ئافرەتی کورد کە هەرگیز غیرەتیان لە غیرەتی پیاو کەمتر نییە ئەگەر زیاتریش نەبێت.»

حەسیبە سەعید مامۆستای قۆناخی بنەڕەتییە لە سۆران، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەتی کورد هەر لە بنەڕەتدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەورێکی بەرچاوی هەبووە، بۆیە دەبێت ڕێزی زۆری لێبگیرێت. هەمووان دەزانن ئافرەتان لە بواری پەروەردەو بەجێهێنانی ئەرکی ماڵەوە قورساییەکی زۆریان لەسەر شانە و پێویستە ماندووبوونیان بە هێند وەربگیرێت. زور جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەگوترێت ژنی ماڵەوەیە بێکارە، وەك ئەوەی ئەو ئەزیەت و هیلاکی ڕۆژانەی جارانی سفر کرابێت، کەچی دوو ئەوەندەی هاوسەرەکەی ماندی و هیلاك دەبێت، لەگەڵ هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیش ئەرك و ماندووبوونی ئافرەت دوو سێ بەرامبەر دەبێتەوە، هەمیشەش بێ هیچ نیگەرانی دەربڕین و خۆشاردنەوەیەك لە کار، هەوڵ دەدات هاوسەر و منداڵەکانی بە دەسترەنگینی خۆی ڕازی بکات، بۆیە پێویستە هاوسەرەکەی ئەگەر هاوکاریشی ناکات، با بە وشەیەکی جوان دەستخۆشی لێبکات، چونکە تەنیا هاوکاری نییە کە ئافرەت دەحەسێنێتەوە، بەڵکو ڕێزگرتنی هەمیشە بەتاڵکەرەوەو ئارامکەرەوەیە بۆ ڕۆح و جەستەی، پێویستە ئافرەت هاوکاری بکرێ و ڕێزی هەبێت لە ناو خێزان و کومەڵگە، زۆریش پێویستە تەلیسمی پیاوسالاری بشکێندرێت، چونکە لە پاڵ هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ئافرەتێکی تێکۆشەر و ماندوونەناس هەیە، با ئیتر ڕاستگۆیانە بزانرێت ئافرەت ژیانە، پیرۆزە، مەزنە.با ئەو دەنگە چیتر لە گەلوو نەخنکێت.»

تارا نەزیر فەرمانبەرە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتەی کە ڕایانوایە پیاوان لە مانگی ڕەمەزاندا ڕەچاوی ماندووبوونی خانمان ناکەن. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە مانگی ڕەمەزان هەموو ئافرەتان زیاتر هیلاك دەبن، بەتایبەتی ئافرەتی کارمەند، کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، سەرەڕای ئەوەی هیلاك و بەڕۆژووە، یەکسەر جلی کارکردن و مەتبەخ لەبەر دەکات، چونکە ئەو کاتەی هەیەتی بەشی ئیسراحەت و پاڵدانەوە ناکات، بەڵکو مەتبەخەکە بە توندی بانگی دەکات بۆ ئەوەی بە ئەرکەکەی هەڵبسێت و خوانێك لە حەز و ئارەزووی تاکەکانی خێزان ئامادە بکات، ئیدی بۆی نییە باسی ماندووبوون و شەکەتی بکات، یان داوای کەمێك ئیسراحەت و حەوانەوە بکات، دوای بەربانگکردنیش شەهیەی هەمووان پێچەوانەی شەهیەی کابان دەکرێتەوە، چونکە دڵەڕاوکێی لە سوێری و کەمخوێی خواردنەکان شەهیەی کابان دەبەستێ، ئافرەت هێشتا نانەکەی بە تەواوی نەخواردووە، سینییەك چا پێشکەش دەکات، ئەمجارە نۆرەی خاوێنکردنەوەی مەتبەخ و قاپ شووشتن دێت، دوای ئەوە شیرینی و میوە دێنێتە بەردەست ئەندامانی خێزان، سەرەڕای ئەوەی لە شەوانی ڕەمەزان سەردانە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو خێزانەکان زیاتر دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هاوسەرەکەی و تێکڕای ئەندامەکانی خێزان هەست بەوە ناکەن کە ژنەکەش وەکو ئەوان بەڕۆژووە، هێشتا لە کارەکانی بەربانگکردنیش نەبۆتەوە، سفرە ڕازاندنەوەی پارشێو دەست پێدەکات. کەچی هاوسەرەکەی یان دەخەوێت، یان کاتەکانی بە قورئان خوێندن، یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەسەر دەبات، بەڵام لە ڕاستیدا خێزانی بەختەوەر ئەوەیە کە هەموو هاوکار بن کارەکانی ناوماڵ دابەش بکەن، پێغەمبەر (د.خ) زۆرجار کاری ماڵەوەی کردووە، ئەوەش مانای ڕاستەقینەی ژیان و ئایینە. بۆیە پێویستە لەو ڕووەوە مامۆستایانی ئایینی لەو مانگە زیاتر جەخت لەسەر سوننەتە جوانەکان بکەنەوە و پیاو لای ژن جوان بکەن، ژنیش لای پیاو جوانتر بکەن، بەوەی هانیان بدەن کە بنەمای خێزانی بەختەوەر و ئاسوودە بریتییە لە ڕێز و خۆشەویستی و هاوکاری، بۆیە ناکرێت وا هەژمار بکرێت کە کار و ئیشی ناوماڵ تەنیا لە ئەستۆی ئافرەتە.»

**پێویستە مامۆستایانی ئایینی لەو مانگە زیاتر جەخت لەسەر سوننەتە جوانەکان بکەنەوە و هاووڵاتیان هان بدەن کە بنەمای خێزانی بەختەوەر و ئاسوودە بریتییە لە ڕێز و خۆشەویستی و هاوکاری، نەک هەموو قورسایی کاری ناوماڵ تەنیا لە ئەستۆی ئافرەت بێت**

**خێزانی بەختەوەر ئەوەیە کە هەموو هاوکار بن کارەکانی ناوماڵ دابەش بکەن، پێغەمبەر (د.خ) زۆرجار کاری ماڵەوەی کردووە، ئەوەش مانای ڕاستەقینەی ژیان و ئایینە**

**باوکی منداڵان کە دێتەوە ماڵەوە ئەگەر ئێوارە شەڕ نەکات، پارشێو شەڕێکمان لەگەڵ دەکات و داخی جگەرە نەخواردنەکەی بە من و منداڵەکان دەڕێژێ**



# ئافرەتان لە وەرگرتنی میراتیش کێشەیان هەیە

ئافرەتێک:

**لەبەر ئەوەی بەشە میراتی ماڵی باوکم وەگرت براکانم حاشایان لێکردووم.**

سروە تەمەنی (٣٨)ساڵە و وەك خۆی باسیكرد ماوەی پێنج ساڵە براكانی حاشایان لێ كردووە و بە هیچ شێوەیەك سەردانی ناكەن. ئەو بە جۆرێك لە خەمبارییەوە باسی ژیانی خۆی دەكات و دەڵێت: «ئێمە سێ برا و دوو خوشكین، باوكم بە ڕەحمەت بێت ماڵ و موڵكی زۆری بۆ بەجێهێشتین، ئەوە جگە لەو دوكان و خانووانەی كە لە سەردەمی ژیانی خۆی لە سەر براكانمان تاپۆی كردبوو. دوای كۆچی دوایی دایك و باوكم باسی بەشكردنی میرات هاتە پێشەوە، خوشكە گەورەكەم كە مێردەكەی هەبوونە و زۆر دەوڵەمەندە، لە میراتی خۆی خۆش بوو، هیچی وەرنەگرت، بەڵام من بە هۆی ئەوەی دەستمان زۆر كورت بوو، مێردەكەشم نەخۆش بوو، داوای بەشە میراتی خۆم كرد، بەڵام بەداخەوە براكانم كە هەموویان خاوەن موڵك و سامانی زۆرن، زۆر چاوچنۆكانە تەماحیان لەو میراتییەی من دابوو. پارەكەش بۆ من زۆر بوو، ئەوەی بۆ منیان بڕییەوە، بە حیسابی خۆیان دوو دەفتەر و نیو (٢٥هەزار دۆلار) دەبوو، بەڵام موڵك و پارەی باوكم زۆر لەوە زیاتر بوو. ئەوان غەدریان كرد، كەچی سەرەڕای ئەوەش كاتێ پارەكەم وەرگرت، حاشایان لە من كرد. پرسی مەلاشم كردبوو، ئەوە حەقی خۆم بوو، تەنانەت زۆر كەس هانیان دام سكاڵایان لەسەر تۆمار بكەم و حەقی خۆم لە دادگا وەربگرم، بەڵام من لەبەر عەیبە ئەوەم نەكرد.»

سروە وێڕای گلەیی و گازاندەی زۆر لە براكانی، نیگەرانی خۆی لەوە دەردەبڕێت كە «كە لەناو كۆمەڵگەی ئێمە بردنی بەشە میرات لەلایەن ئافرەتەوە، بووەتە كێشە، زۆر جار دەبێت ئافرەت بەشە میراتی خۆی بداتە براكانی، كەچی ئەوە مافێكی سرووشتی خۆیەتی و خوا ئەو مافەی بۆ دیاری كردووە، ئێمە دوو خوشك و سێ براین، دوای مردنی دایك و باوكمان براكانم وتیان عەیبە ژن میراتی وەربگرێت، بەڵام ئەوان بۆ ژنەكانیان میرات ببەن، عەیب نییە، من لە خانووی كرێ دەژیام، ئەوان هەموویان خاوەن موڵك و خانووی خۆیان بوون، كەچی براكانم دەچوونە لای خزمان و باسی ئەوەیان دەكرد كە ژن نابێ میراتی خۆی بەرێ و ژیانی لەسەر پیاوە و دەبێ بۆی دابین بكات».

نەرمین سادیق تەمەنی (٤٣) ساڵە و ئەویش یەكێكە لەو سەدان ئافرەتەی كە كێشەی لە وەرگرتنی میرات هەبووە و لەسەر هەمان پرس دەڵێت: «هەندێ



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بەشێك لە ئافرەتان لە ڕێگای دابونەریتی کۆمەڵایەتییەتەوە لە بەشەمیراتی خۆیان بێبەش دەکرێن، دوو لەو ئافرەتانە کە براکانیان حاشایان لێ کردوون، بەسەرهاتی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو، مامۆستایەکی ئایینیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە حاشاکردنی برا لە خوشکەکەی لەسەر وەرگرتنی میرات، حاشاکردنە لە ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەری خودا و بە هیچ جۆرێك شەرع ڕێگەی بە کاری وا نەداوە.**

برا زۆر چاوچنۆکن دەیانەوێت لە ڕێگای داب و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە بەشە میراتی خوشکەکانیان بۆ ژن و منداڵەکانی خۆیان وەربگرن، ئەمەش لەناو کۆمەڵگەی کوردی باوە، وایان لە ئافرەتان گەیاندووە، بەشە میراتی ئافرەت شتێکی خراپ و قێزەونە، ئەگەر وەری بگرێ، هۆکارێکە بۆ دوژمنکاری و پچڕاندنی پەیوەندی نێوان خوشك و برا، یان براکانی حاشای لێدەکەن، ئەگەر برایەك منی بە پارە گۆڕییەوە، ئەوا منیش ئەو برایەم ناوێ، من کارێکم کردووە بەپێی یاسای و شەری خودا مافێکی سرووشتیی خۆمە، ئەوان بۆچی دەبێت دژایەتیم بکەن؟».

لە لای خۆیەوە عەبدولکەریم ئەحمەد شوانی مامۆستا لە زانکۆی زانستە ئیسلامییەکان لەبارەی لایەنە شەرعییەکانی وەرگرتنی بەشە میراتەوە دەڵێت: «میرات بەمانای ئەو موڵك وماڵەی دایك و باوك لە دوای مردنی خۆیان بەجێی دەهێڵن دابەشی سەر کوڕ و کچەکانیان دەکرێت، ئیسلام چارەسەری ئەو کێشەی بۆ کردووین، ئەگینا دوای مردنی دایك و باوك لەسەر بەشە میرات یەکتریان دەکوشت و ماڵ و موڵك بۆ خەڵك دەمایەوە، خوای گەورە لە قورئان باسی میرات دەکات، بۆ پیاو یەك بەشی داناوە و بۆ ئافرەتیش نیو بەش، ئەمەش حیکمەتی خۆی تێدایە.». مامۆستا عەبدولکەریم ئاماژەی بەوەشدا کە «زەوتکردنی ئەو بەشە میراتە لەژێر هەر بیانوویەك بێ، ئەوە زەوتکردنی مافی کەسانی دیکەیە و ئیسلام ڕەتیدەکاتەوە، ئەگەر برایەك حاشا لە خوشکێك بکات لەسەر بەشە میراتی خۆی، براکەی گوناهبارە و حاشای لە ئایەتی خودا کردووە، کە مافی ژنی تێدا دیاری کردووە، ئەمەش لەلای خوا سزای خۆی هەیە».

ئەو مامۆستایە جەختی لەوەش کردەوە کە» چەندین برا هەیە لە ژێر پەردەی شەرم و عەیبە خوشکی خۆیان لە میراتی باوکیان بێبەش کردووە، لێرەدا هەڵەیەکیش لە ئافرەتان هەیە، پێویستە بێ گوێدانە قسەی خەڵك شەرعییەتی خوا جێبەجێ بکەن».

ئەو مامۆستایە ڕەتکردنەوەی بەشە میراتی ئافرەتان بۆ براکانی بە ئاسایی وەسف کرد لە کاتێکدا کە مەبەست یارمەتیدانی براکەی بێت کە پێویستی پێیەتی و ئافرەتەکە لەماڵی خۆی گوزەرانی باشە، بۆیە گوتی: « ئاساییە ئافرەت هاوکاری براکەی بکات بە ئارەزووی خۆی نەك لەژێر باری فشار و حاشاکردن و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە».

مامۆستایەکی ئایینی:

**ئەگەر برایەک لەسەر بەشە میرات حاشا لە خوشکی بکات، گوناهبارەو حاشای لە ئایەتی خودا کردووە.**